وازی لێبهێنن وسەتڵێک ئاو بپرژێنن بەسەر میزەکەیدا، ئێوە نێردراون بۆئەوەی کارەکان ئاسان بن و نەنێردراون بۆئەوەی کارەکان قورس بکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەعرابیەک میزی کرد لە نێو مزگەوتدا، خەڵکی هەستان بۆئەوەی لۆمەی بکەن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وازی لێبهێنن وسەتڵێک ئاو بپرژێنن بەسەر میزەکەیدا، ئێوە نێردراون بۆئەوەی (کاروبارەکان) ئاسان بن و نەنێردراون بۆئەوەی (کاروبارەکان) قورس بکەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری وە لەفزەکە هین بوخاریە]

ئەعرابیەک هەستا ومیزی کرد لە گۆشەیەکی نێو مزگەوتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، خەڵکی هەستان بۆئەوەی لۆمەی بکەن بە دەست وزمانیان وهاواریان بە سەریدا کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وازی لێبهێنن، کاتێک میزەکەی تەواو کرد، فەرمانی کر سەتڵێک ئاو بپرژێنن بەسەر شوێنەواری میزەکەیدا، وبۆیانی ڕوونکردەوە کە ئەوان بانگخوازن بۆئەوەی کاروبارەکان ئاسان بکەن لەسەر خەڵکی و نەنێردراون بۆئەوەی کاروبارەکان قورس بکەن لەسەر خەڵکی ولە هیدایەت دووریان بخەنەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5806